دووەمی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری، "زنجیرەی بەرهەمهێنان" و "زیادەیی کۆمەڵایەتی بوون".. کاوە کەریم

دەستپێک

لێشیکردنەوەکاندا بە قەیرانی ئابووری سەرمایەداری، دووەمین چەمکی سەرەکی بەشێوەیەکی بەردەوام لەناو باسە تیۆریک و ئابووری سیاسیەدا دووبارە دەبنەوە، ئەویش "زنجیرەی بەرهەمهێنان" و "زیادەی کۆمەڵایەتی بوون". ئەم دوو چەمکە، هەرچەندە پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام هەریەکەیان بوار و جۆرێکی جیاواز لەپرسەی قەیرانی ئابووری لێکدەداتەوە. لەیەکەم نیگادا، "زنجیرەی بەرهەمهێنان" ئاماژەیە بە دۆخێک کەتێدا سەرمایەداران و کەمپانیاکان کاڵا و خزمەتگوزاری زیاتر بەرهەمدەهێنن لەوەی کە بتوانرێت لەبازاڕدا ساغی بکرێنەوە و بیفرۆشرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی کۆمەڵبوونی کاڵا نەفرۆشراوەکان و زیادەیی و دابەزینی نرخەکان و پاشەکشە. سەرئەنجام بەرهەمەکان ناتوانرێت بەقازانج بفرۆشرێت، لەرشەوە قەیرانی ئابووری سەرهەڵدەدات.

کاتێکیش دەنگە سەر "زیادەیی لەکۆمەڵبوون" ئاماژەیە بە دۆخێک کەتێدا هێزی قازانج بەرەو دابەزین هەشتووە، سەرمایەی قازانج بەخش ناتوانێت زیاتر وەبەرهێنانی پێبکرێت و دەرهێنانی زنجیرەها لەکاری زیندوو سنووردار دەبێت، بۆیە سەرمایە بەشێوەیەکی بەردەوام پاشکەوت دەکرێت، "زیادەیی لەکۆمەڵبوون"ی سەرمایەدا هووەدات، سەرئەنجام قەیرانێک بەدوای خۆیدا دەنێت. بەواتایەکی تر کۆشکە ئاوە نییە کەکانای زەر بەرهەمهێناوە، بەڵکو سەرمایە بەشێوەیەکی گەورە کۆمەڵبووە بەبەراورد بەو بوارانەی کەدەتوانن قازانجی پێویستی بۆ دابین بکەن. لەکۆتایشدا سەرمایەکە وەک "سەرمایەی بەکار" دەمێنێتەوە. لەدیدی مارکسدا، ئەمە یەکێکە لەدەرخستنەکانی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵبوونی سەرمایەیە، کەتێدا سەرمایە بەردەوام هەوڵی بەرفراوانبوونی خۆی دەدات، بەڵام هەمان ئاو پرسەیە مەرجەکانی بەردەوامبوونی کۆمەڵبوونی سەرمایە لاواز دەکات.

هوونکردنەوەی "زنجیرەی بەرهەمهێنان" تیشک دەخاتە سەر ناتەبایی

هواڵەتی نەوان دابینکردن و خواست، کە زەرجار وەک کەم بەکاربردن لە چوارچێوەیەکدا دادەنرێت- کرێکاران توانای کڕینی ئەو کاڵایانەیان نییە کە بەرهەمیدەهێنن، بەڵام چەمکی "زێدە کڕکەبوون" لەکەڵینەوەی قووڵتر لە داینامیکی خودی سەرمایەدکات. لەڕەدا قەیرانەکە تەنها ئەوە نییە کە کاڵای زەر هەیە، بەڵکو سەرمایەی زەر کڕکە بووە بە بەراورد بەدەرفەتی وبەرهەنانی قازانج. سەرمایە، وەک کارگە، ئامێر، سەروەت و سامانی دارایی، بەدوای بەدەستهێنانی گەڕانەوەیەکی قازانجبەخشدا دەگەڕێت. کاتێک کەڕەی قازانج دادەبەزێنێت، چیتر ناتوانرێت سەرمایە لەئاستێکی قبوڵکراوی قازانجدا وەبەربهێنرێتەوە. ئەنجامەکەی دەبێتە هەی زیادبوونی بێکاری، دروستبوونی ئەوەی ناودەنرێت "بڕقی گەمژانە"، یان لەناوبردنی سەرمایە. لەم هوانگەیەوە، کاڵای نەفرۆشراو تەنها یەک دەربەینی کەشێکی فراوانتر، واتە پاشکەوت و زیادەیی لە سەرمایەدا کە ناتوانێت دەریچەی بەرهەمدار بە بەکارهێنانی خەی بدەزێتەوە.
لەم هوانگەیەوە ئەوەی وەک "زێدەبەرهەمهێنان" دەردەکەوێت، کە لەڕاستیدا دەرکەوتنی زیادەیی کڕکەبوونە. کەمپانیاکان بەردەوام لەبەرهەمهێنان، نەک لەبەر ئەوەی کەمگە پێویستی بە کاڵای زیاتر، بەڵکو لەبەرئەوەی لە فشارە کەبەکییەکان و وبەرهەنانە نوقمبووەکاندا قفە کراون. قەیرانەکە کاتێک سەرهەدەدات کە سیستەمەکە بە گشتی نەتوانێت لەو قازانجە بەردەوام بێت کە پێویستە بە چەسپاندنی وبەرهەنانەکانی ابردوو. بەم شێوەیە، کەگاکانی پێ لە کاڵای نەفرۆشراو هەنگدانەوەی دژایەتییەکی قووڵترن لە نەوان هاندانی فراوانبوونی سەرمایە و سنووردانی بەدیهێنانی قازانج.

بۆچی ئەم جیاکردنەوەیە گرنگە؟

دەبێت ئەوە زانراو بێت کە "زێدەبەرهەمهێنان" و "زێدە کڕکەبوون"، دوو ڕووی هەمان قەیران نین، هەریەکەیان بۆچوونێک جیاوازی ناهاوسەنگی دەخەڕوو. جیاوازیی نەوان زێدەبەرهەمهێنان و زێدەکڕکەبوونی سەرمایە یەکەکە لە کلیلە سەرکییەکانی شیکردنەوەی قەیران لەچوارچێوەی ئابوریی سیاسی. ئەم جیاکردنەوەیە نەک تەنیا بە شیکردنەوەی قەیرانەکان، بەڵکو بە شیکردنەوەی ئەو پرسیارەی کە کەسەرمایە لەبواری بەرهەمدارەوە دەگوازرێتەوە بە بواری نابەرهەمدار، یان لەبواری بەرهەمهێنانی استقینەوە دەڕوات بە بواری دارایی، پاشان ئەوەی لەدەکەوێتەوە کەناودەنرێت قەیرانی

داریی.
یان ئەم جیاکارییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بۆچی قەیرانەکان پێش بە داراییکردن و بووملەرزەی گەمژانە دەت. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، تێگەیشتن لە داراییکردن نابەت تەنیا بەوە سنووردار بکرێت کە کارتی دارایی فراوانتر بووە یان کەمپانیاکان داهاتی دارایی زیاتر بەدەستدەهێنن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بۆچی سەرمایە بەرەو کارتی دارایی هەنگاو دەنێت، ئەم چ پەیوەندییەکی هەیە بە دینامیکی کڕکبوونی سەرمایەوە؟ لەدیدگای مارکسدا، سەرمایە بشێوەیەکی سادە بڕێک پارە یان کەڵەک لێشتە داراییەکان نییە، سەرمایە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کڕکبوونەدا خۆی نیشاندەدات. لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ئامانجی سەرمایەدار تەنیا بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو کڕکردنی سەرمایەو بەدەستهێنانی قازانجی زیاترە. لەبەرئەوە، هەر کاتێک بەرهەمهێنانی قازانج لەکارتی بەرهەمهێنراندا سنووردار دەبێت، سەرمایە دەست دەکات بە گواستنەوە لەکارتی بەرهەمهێنانەوە بۆ کارتی نابەرهەمهێنەر. ئەگەر سەرمایە نەتوانێت لەکارتی بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆدا زیدە بەهای پێویست بەدەست بهێنێت، ئەوا هەوڵدەدات بەرەو بازاڕی داراییەکان، قەرز، پەیوەندییە داراییەکان، پشکەکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی گۆشەپێدانی سەرمایەی دارایی بڕوات. بەم مانایە، داراییکردن دەتوانێت نەک وەک هەکارێکی دژەکی، بەڵکو وەک وەڵامێکی ناوخۆیی بۆ کێشە و سنووردارەکانی کڕکبوونی سەرمایە لەکبدرێتەوە.
لەبۆچونی مارکسدا، ئەم بۆ چەمکی «سەرمایەی خەیاڵی (Fictitious Capital)» وەک پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. سەرمایەی خەیاڵی ئەو شێوەی سەرمایەیە کە بۆ شێوەی سەند و بڕگەی دارایی ــ وەک سەهم و بەند ــ دژدەکەوێت و خاوەندارێتی یان مافی بەدەستهێنانی داهات لە داهاتوودا نوێنەرایەتی دەکات. لێرەدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان بەهای دارایی و بەهای نوێی دروستکراو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. زیادبوونی نرخی پشکەکان، بۆ نموونە، بۆ خۆی

واتای ئەوە نییە کە هەمان بڕ لە بەهای نوێ لە پرسەی بەرهەمهێناندا دروست کراوە.
بەم شێوەیە، کاتێک سەرمایە بە شێوەیەکی زۆر بەرز کارتی دارایی دەردەوات، دەتوانێت بڕاوکردنەوەی داهاتی دارایی و هێکشانی بەهای دارایی دروستبکات، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەی بنەڕەتیی کەمبوونەوەی قازانج لە بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆ چارەسەر ناکات. بەڵکو دەتوانێت بە ماوەیەک ئەو کێشەیە بشارێتەوە، یان کێشەکە دوا بخات.
زۆرێک لەو ئابوریناسانە لێرەدا دەکەونە هەڵەیەکی تیۆریکیەوە، چونکە هەموو داهاتێکی دارایی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەک سەرچاوەیەکی سەربڕخۆی بۆ هەر لێکدەرێوە، بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە، پرسەکە ئەوە نییە کە «پارە چۆن پارەی زیاتر دروست دەکات؟»، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو داهاتە دارایییە لەکوێدا چۆن پەیوەندی بە بەهای زیادە و پرسەی کەمکەبوونی سەرمایەوە هەیە؟ ئەمە گرنگە، چونکە سودی بانکی، کرێی زەوی، داهاتی سەهم و شێوەکانی دیکەی داهاتی دارایی، لە کوێدا پێویستیان بە بنەمایەکی کەمکردنەوەیەتیی بەرهەمهێنانی بۆ هەیە.
لەبەر ئەمە، دارایییکردن نابێت بە مانای "کۆتایی هاتنی سەرمایەداری بەرهەمهێنەر" یان "گۆڕینی قازانجی بەرهەمهێنان بە داهاتی دارایی" وەربگیرێت. بەپێچەوانەوە، لەڕوانگەی مارکسیستییەوە دەتوانرێت دارایییکردن وەک شێوەیەکی گۆڕاو و ئاڵۆزی کەمکەبوونی سەرمایە ببینرێت، شێوەیەک کە تێیدا سەرمایە بە گۆڕان بەدوای قازانجدا لە نێوان کارتی بەرهەمهێنان و کارتی دارایییدا دەجووڵێت.
بەم پێیە، دارایییکردن لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سەربڕە لە "کارتی دارایی" نییە، بەڵکو بەشێکە لە کێشەیەکی گشتیتر و ناوخۆیی سەرمایەداری: چۆن سەرمایە دەتوانێت کەمکەبەت و قازانج بەردەوام بکات، کاتێک هەمان پرسەی کەمکەبوون سنووردارکانی خۆی دروست دەکات؟ لەم چوارچێوەیەدا، گێشەی کارتی دارایی دەتوانێت وەک یەکێک لە شێوەکانی وەڵامدانەوەی سەرمایەداری بۆ سنووراندنەبگەینرێت، بەڵام نەک وەک چارەسەرکەری کۆتایی بە ئەوان.
کاتێک دەڵێن جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە بە لێکدانەوەکان گرنگە، چونکە یەکێکیان سەرنجمان دەباتە سەر بەرهەمهێنان و خواست و توانای کڕین، ئەوەی تریان سەرنجمان دەباتە سەر سەرمایە و کەمکەبوون و بەدەستهێنانی قازانج و دەرهێنانی بەهای زیادە لێکاری زیندووی کرێکاران. ئەم جیاکارییە گرنگە، چونکە ئەگەر بڵێن زیادەبەرهەمهێنان هۆکاری قەیرانەکانە، ناتوانین وەڵامان هەبێت و

ئەو هەوڵبکەینەوە، بۆچی سەرمایە لەبواری بەرهەمداریەوە دەچێتە ناو بواری داراییکردنەوە، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی قەیرانی بنەڕەتی بگوازێتەوە بۆ بواری داراییەکان، پاشان قەیرانەکە قوڵتربکاتەوە و قەیران و قەرزی و دارایی لەبکەوێتەوە، وەک نمونەی ئێستای قەیرانی سەرمایەداری جیهانی ئێم سەردەم.
بۆکورتی، "زیدەبەرهەمهێنان" باس لەچەنیەتی دەرکەوتنی قەیرانەکان دەکات، لەکاتێکدا "زێدەکێشی کەمکێشبوون" هەوونکردنەوەیکی پێکهاتەییتر پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی بۆچی هەوودەن. یەکەمیان گرنگی بۆ بازاڕ و خواست دەدات، دووەمیان لەڕژێی و دینامیکی سەرمایە دەڕوانێتە کێشەکە.

ئابوریناسە چەپەکان و" دەسیەی "زیادە بەرهەمهێنان"

بەشێک لەئابوریناسە چەپەکان یان "مارکسیستەکان" دەسیەی "زیادە بەرهەمهێنان" وەک هۆکاری قەیرانەکانی ژێر سەرمایەداری دەخەنەوو، لەسەی یاسای مارکس (دابەزینی ڕێژەی قازانج میلی- بەرەو دابەزین) وەک پێیوەندیدار دەتدەکەنەوە. لەکاتێکدا هەم مارکس و هەم زۆربەی ئابوریناسانی نزیک لەمارکس، ئەم یاسایە بە هۆکاری بنەڕەتی قەیرانی سەرمایەداری دەزانن. بۆگەی زۆربەی ئەوان ئەوەیە کاتێک مارکس باسی هەونکردنەوەی هەر قەیرانێک لە سەدەی نزدەهەمدا کردوە، هیچ کاتێک باسی ئەم یاسایەی نەکردوە و هەمیشە ئاماژەیان بە 'زیادە بەرهەمهێنان' کردوە. یان هیچ بۆگەیەکیش نییە کە دابەزینی ڕێژەی قازانج پێش قەیرانی هۆکارکانی قەیرانە خولگەییەکان بێت لەسەرمایەداریدا. ئەمەش بەمانای ئەوەی کە قەیرانکانی ژێر سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی "زیادە بەرهەمهێنان"ەوە دروست دەبن و پێیوەندی بە جوڵەی قازانج و قازانج لە کەمکەبوونی سەرمایەداریدا نییە.
باشە ئەوە شتێکی سەرسوهێنەر نییە، چونکە تا ئەو کاتە مارکس یاسای قازانجی پەڕە پێنەدابوو. یان ئەگەر ئەو بچوونانیان هاست بێت، دەبێت ئەمە واز لەبەرگی سێیەمی کتێبی (سەرمایە) ی مارکس بهێنن و بیخەینە لاوە، چونکە ئەو یاسایە و شیکردنەوەی پانتاییەکی گەورەی لە فیکری مارکس، گرتووە لەکتێبەکەدا.

کاتێک ڕۆزا لەکسمبورگ، شیکردنەوەی بە قەیرانی ئابوری سەرمایەداری کرد، ئەو پێیوابوو کە قەیرانکانی سیستەمی سەرمایەداری، لەبنەڕەتدا بەهۆی دیاردەی "زێدەبەرهەمهێنان" وەیە، چونکە نەبوونی هێزی کڕینی پێویست لەناوخۆی بازاڕی سەرمایەداریدا، سیستەمەکە بەرەو قەیران و داهمان دەبات. لەبەچونی ئەودا، کرێکاران تەنها

بەشێکی کەم لەو بەهایە وەک کرێ وەردەگرنەوە کەخەیان بەرهەمی دەهێنن، بەیە هێزی کەینیان سنوردار دەبێت، ناتوانن ئەو کاتا بەرهەمهێنراوانە بکڕنەوە. هێروهها سەرمایەداران بەشێک لەقازانجکانیان بە کەینی کاتای لەکس و خۆشگوزرانیکان بەکاردەهێنن نەک بە کەینی کاتای بەکاربەر، بەڵام بەشە گەورەکەی پاشکەوت دەکەنەوە سەرلەنوێ وەبەرهەمهێنانی پێدەکەنەوە بە بەرهەمهێنانی زیاتر. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی "زێدەبەرهەمهێنان"، واتە بۆی کاتای بەرهەمهێنراو، زۆر زیاتر دەبێت کەلەتوانای کەینی کەمپەگەدا نییە.

بەبۆچوونی ئەزا، ئیمپریالزم و داگیرکاری وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان، دژبەئەنجامی ئاستەوخۆی قەیرانی "زێدەبەرهەمهێنان"، چونکە کاتێک بازاڕی ناوخۆیی تەر دەبێت، توانای کەین کەمدەبێتەوە، ئەم دۆخەتانە پێناەدەبەنە بەر داگیرکردنی ولاتانی تر لە ئەفریقا و ئاسیا و شوێنکانی تر بە دەزینەوەی بازاڕی نوێ بە فرۆشتنی کاتا زیادەکان و دەزینەوەی دەرفەتی نوێ بە وەبەرهێنانی سەرمایە کەمپەکبووەکانیان. کاتێکیش تەواوی جیهان دەبێتە سەرمایەداری و هیچ بازاڕێکی دەرەکی نامێنێت بە حەواندنەوەی کاتا زیادە بەرهەمهێنراوەکان، قەیرانکان توندوتیژ و زیاتر قوڵدەبێتەوە، پاشان شۆڕەی هێزە ئیمپریالیستیکان بە دابەشکردنی بازارکان شۆڕو داماننی ئابووری لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بە شۆڕشی سۆشیالستی.

مارکس – پرسی کەمپەکبوون، قەیران

مارکس پێش ئەوەی بچێتە ناو باسی قەیرانەوە، بنەما تیۆرییەکەی خۆی سەبارەت بەپرسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پرسەی کەمپەکبوونی سەرمایە ڕوونکردەوە. بەبۆچوونی ئەو دەرکەوتنی ئاشکرای قەیران لەپرسەی سوانەوەی سەرمایەدا نابێت "هەکاری" قەیرانکە بشارێتەوە، کە لەشەوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە. "گەمانکاری کاتاکان" لەبازاڕدا قەناغی جیاوازی یەک پرسەیە. نیشاندەری سەرەکی پرسەی کەمپەکبوونی سەرمایە (کاتا-پارە-کاتا) نییە، بەڵکو (پارە-کاتا-پارە) یە. بەیە مارکس دەپرسێت: ئایا دەکرێت بەشێک لەبەهای زیادە ئاستەوخۆ بچێتە ناو سەرمایەی نەگۆڕەوە بەبێ ئەوەی بفرۆشرێت و کەمپەکبوونی سەرمایەو بەرهەم هێنانەوەی بەرفراوانی لێبکەوێتەوە؟
مارکسیش وەڵامەکەی ئەرێنییە، بێ تێگەیشتن لەم پرسە، بەیە دەڵێت: سەرتا پێویستە بکارهێنانی تاکی مرۆڤکان بتەواوی لابببرێت بە

ئەوەی بتوانین تەنها سەرنجمان لەسەر بکارهێنانی بەرهەمداربێت. وەک "ئاشکرایە"، زۆربەی کاکاکان لەخودی پرۆسەی بەرهەمهێناندا بکاردەهێنرێن. بەم پێیەش سەرمایە ڕۆژی هەم فرەشیار و هەم کڕیار دەگۆڕێت.
لەکۆبوونی سەرمایەداریدا پرسیارێک هەیە بە گۆڕینی بەهای سەرمایەی سەرەتایی لەگەڵ ڕۆژی ئاسایی قازانجدا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆبوونی سەرمایە زۆر پەیوەندی بەڕۆژی قازانجەوە هەیە. لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەوەی گرنگە بەهای بکارهێنانی دەستبەجێ نییە، بەڵکو بەهای ئاوگۆڕ و بەتایبەتی فراوانبوونی بەهای زیادەیە. ئەم پاڵنەری بزوێنەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. بەپێ ئەوە باڵگرنوێستە کە قازانج هێزی پاڵنەری سەرمایەداریە، نەک بەرهەمهێنان (یان بەم شێوەیە زیادە بەرهەمهێنان). هەربۆیە کاتێک باس لە تەسفیەکردنی سەرمایە دەکرێت لەکاتی قەیرانکاندا، مەبەست لەناوبردنی سەرمایەی لەگەڵگەی قەیرانکانەوە، بەواتای دابەزینی بەهاکانی بەهاکانێ کە لەگریبان لەدەکات لەپرۆسەی نوێکردنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەدا. ئەوە دابەزینی بەهایە، نەک داماننی خواست کە کلیلی قەیرانکان و بوژانەوەی دواترە.

بەڵام مارکس لەشوێنێکدا دەڵێت: "قەیرانی هەمیشەیی بوونیان نییە"
لێرەدا گرنگە ئەم هاوبەشەوە، لەلای مارکس، کۆبوونی سەرمایە پرۆسەیەکی ناوخۆیی و بنەڕەتیی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. سەرمایەدار لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا لەکاری زیندووەوە زیادەبەها بەدەست دەهێنێت و پاشان بەشێک لەو زیادەبەهایە دووبارە وەک سەرمایە بەکار دەهێنێتەوە بۆ فراوانکردنی بەرهەمهێنان و زیادکردنی سەرمایە. بەم شێوەیە، کۆکردنی سەرمایە تەنها کۆکردنەوەی سامان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە کە سەرمایەی خۆی تێدا دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و لەهەمان کاتدا پێکهاتەی پەیوەندییەکانی نێوان سەرمایە و کار دەگۆڕێت.
فراوانبوونی کۆکردن دەتوانێت بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی زۆر گەورە بکات، بەڵام ئەم فراوانبوونە هەمیشە بەپێی تێپەربوونی کات هاوبەشەوی داکشانی ڕۆژی قازانجەکە دابەزێتەوە، ئەمەش دابەزێتە ناکۆکی. لەو خاڵەدا ناکۆکیی نێوان پێویستی سەرمایە بە فراوانکردنی بەرهەمهێنان و ئامانجی، دەتوانێت سەرمایە بەرەو قەیران ببات. بەپێ قەیران لە تێڕوانینی مارکسدا هاوداوەکی دژەکی و هێکەوتی نییە، بەڵکو ئەنجامەکی ناوخۆییە کە لە جۆری کۆکردنی

سەرمایەوە سەر هەڵدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نییە کە قەیران بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەکەتایی بەردەوام دەبێت، چونکە قەیران دەتوانێت لەڕێگای لەناوچوونی بەشێک لە سەرمایە، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گۆڕینی مەرجەکانی کڕینکردن، ڕێگا بە دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێی کڕینکردن بکاتەوە.

لەبەر ئەمە، لە بیرکردنەوەی مارکسدا دەبێت جیاوازی لەنێوان "قەیرانی هەمیشەیی" و "ناکۆکییە هەمیشەبووەکانی کڕینکردنی سەرمایە" بکرێت: قەیرانەکان دەتوانن کاتی و دووبارەبوونەوە بن، بەڵام سەرچاوەی ئەو ناکۆکییەی کە قەیران دروست دەکات، لە خودی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە و سەرچاوە دەگرێت.
کاتێک مارکس تێبینییەکی باس دەکات و دەڵێت کە "قەیرانی هەمیشەیی بوونیان نییە". کەواتە مارکس ئاستەوخۆ ئاماژە بە "کاتی" زۆری سەرمایە دەکات وەک پەیوەندیدار بە قەیرانەکانەوە – زیادەڕۆیی لەڕادا بەواتای ڕێژەیی بە قازانج یان قازانج دێت، نەک خواست. لەوەش ڕوونتر دەڵێت: "گواستنەوە لە دەستەواژەی زیادە بەرهەمهێنانی کاپاکانەوە بە دەستەواژەی زیادەڕۆیی سەرمایە.

یاسای قازانجی مارکس و قەیران

لە ئابووریی مارکسدا، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان "ڕێژەی زەدەبەها" و "ڕێژەی قازانج" هەیە، هەرچەندە هەردووکیان دەربڕینی هەمان سەرچاوەی بەهای زیادە، واتە زەدەبەهان. ڕێژەی زەدەبەها پەیوەندیی نێوان زەدەبەها و سەرمایەی گۆڕاو دەردەخات، لەکاتێکدا ڕێژەی قازانج پەیوەندی نێوان هەمان زەدەبەها و کۆی سەرمایەی پێشخراو، واتە کۆی سەرمایەی جێگیر و گۆڕاو، پیشان دەدات. بەم پێیە، هەردوو ڕێژەکە هەمان بڕی زەدەبەها بە دوو پێوەری جیاواز دەخەنەڕوو، و جیاوازیی نێوانیان لە جیاوازیی بنەمای پێوانکردنەوە سەرچاوە دەگرێت.
لەڕوانگەی شیکاریی مارکسەوە، بە تێگەیشتن لە گۆڕینی زەدەبەها بە قازانج، دەبێت لە ڕێژەی زەدەبەهاوە بە ڕێژەی قازانج بڕوین، نەک بپێچەوانەوە. ئەمەش گرنگە، چونکە زەدەبەها لەپەسەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە و سەرچاوە دەگرێت و لە پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایەدا دروست دەبێت، بەڵام قازانج شێوەیەکی دەرکی و دیاربووی هەمان بڕەی زیادەیە کە لەسەرمایەداریدیاردەیەک بەرهەمی هەموو سەرمایەکە دەردەکەوێت. لەو چوارچێوەیەدا، تێکڕای قازانج دەتوانێت وەک خاڵێکی دەستپێکی مێژوویی لەپەیوەندیە ئابوورییە سەرمایەداریدیاردەکاندا تێبگەین. بەڵام لەڕووی

شیکارییەوە، زیندەبەها و تۆڕی زیندەبەها بەشێوەیەکی ئاستەوخۆ لەسەر ئاوی دیاردەکانی بازاڕدا دەرناکەون، بەڵکوو ناوەندکەکی شاراوە و پەیوەندیدار بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەهای زیادەن و دەبێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانستیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دەستنیشان بکرێن. لەبەرامبەردا، قازانج و تۆڕی قازانج لەئاستی دیاردەیی و ئاوکاریی سیستەمی سەرمایەداریدا شێوەیەکی ئاستەوخۆتر دەردەکەون. بەم مانایە، قازانج شێوەیەکی گۆڕاو و دەرکیی زیندەبەهایە، لەکاتێکدا زیندەبەها ناوەندکی ئاو پەیوەندییەیە کە لە پشت ئاو شێوە دەرکییەوە هەیە.
لەهەمان چوارچێوەدا، تۆڕی قازانج لەگەڵ کاتی سوڕانەوەی سەرمایەدا پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە. واتە، بەمەرجێک کە گۆڕاوکانی تری کاریگەری لەسەر تۆڕی قازانج- وەک پێکهاتەی سەرمایە، تۆڕی زیندەبەها و کاتی کار- لە نێوان سەرمایەداران یەکسان بن، درێژبوونەوەی کاتی سوڕانەوەی سەرمایە دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی تۆڕی قازانج. لەبەر ئاوەی سەرمایەی بەکارهاتوو بە ماوەیەکی درێژتر لە پرۆسەی سوڕانەوەدا گیراوە و توانای گۆڕانەوەی خێرا و دووبارە بەکارهێنانەوەی کەمتر دەبێت. بەڵام ئاگەر ئەم گۆڕاوە بنەڕەتییانە لەنێوان سەرمایەداراندا جیاواز بن، وەک جیاوازی لە کاتی کار، تۆڕی زیندەبەها یان ئاستی کرێی کار، ئاوا تۆڕی قازانجیان دەتوانێت جیاواز بێت، تەنانەت ئاگەر لەهەمان دەخی گشتیی ئابووریدا کار بکەن. بەم پێیە، هەموو جیاوازییەکانی تۆڕی قازانج ناتوانرێت بەکاتی سوڕانەوەی سەرمایەوە ئاوونبکرێنەوە، چونکە هەکارەکانی تر دەتوانن بە سەربەخۆیی کاریگەرییان لەسەر ئەم تۆڕیە هەبێت.
لەئەنجامدا، بە شیکردنەوەی جیاوازیی تۆڕەکانی قازانج، پێویستە لەنێوان ئاو هەکارانەی کە بە شێوەی ئاستەوخۆ پەیوەندییان بەسوڕانەوەی سەرمایەوە هەیە و ئاو هەکارانەی کە لە پێکهاتەی سەرمایە، تۆڕی زیندەبەها، کاتی کار و کرێی کارەوە سەرچاوە دەگرن، جیاوازی بکرێت. ئەم جیاکردنەوەیە ئاگەر دەرەنجامی پەیوەندیی نێوان زیندەبەها و قازانجمان بە ئاوون بێتەوە، هەروەها گواستنەوەی تۆڕی زیندەبەها بە تۆڕی قازانج، بەشێوەیەکی تیۆری و شیکاریی وردتر تاوبگرین.
مارکس سەرچاوەی هەکاری قەیرانەکان بە مەسەلەی دەرهێنانی زیندەبەها و کەمبوونەوەی ئاستی ڕێژەی قازانج دەباتەوە، لەم نێوەشدا مارکس "یاسای تۆڕی قازانج مەیلی- بەرەو دابەزین" پەڕەپێدا. ئەم یاسایە ئاماژەیە بەوەی کە لەپەرەپێدانی سیستەمی سەرمایەداری، سەرمایەداران بەردەوام هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی ئامێرەکان،

تەکنەلۆجیا و شێوازە نوێکانی بەرهەمهێنان، بەرهەم زیاتربکەن. بەهای ئەمەو بەشێکی سەرمایەی بەکارهاتوو لەو بوارانەدا زیاد دەبێت، لەکاتێکدا بەشی کاری مردوو لە بەرهەمهێناندا بەراورد بە سەرمایە کەمتر دەبێت. بەم کار سەرچاوەی بەهای زیادە و قازانج، ئەم گەنجانکاریییە دەتوانێت لە درێژماوەدا مەیلێک بۆ دابەزینی بەشێکی قازانج دروست بکات.
مارکس لەیاسای قازانجدا ئەوە دەوندەکاتەوە، کە ئاگەر سەرمایەی نەگۆ زیاتر لەبەرانبەر سەرمایەی گۆراودا بەرزبێتەوە، ئەوا بەشێکی قازانج دادەبەزێت. "رێژەی قازانج دادەبەزێت، چونکە بەهای سەرمایەی نەگۆ لەبەرامبەر سەرمایەی گۆراو بەرزبووەتەوە و سەرمایەی گۆراو کەمتر بەکاردەهێنرێت"... لەرەوە قەیران "قەیرانی کار و قەیرانی سەرمایە"یە. لەگەل بەشێکی قازانج "کەمبوونەوەی... ئەوە حاڵەتێکی زیادە بەرهەمهێنانی سەرمایەی نەگۆ". "... "قەیرانەکان بەهای زیادە بەرهەمهێنانی سەرمایەی نەگۆیە".
بەگام مارکس ئەمەی بەمانای دابەزینی بەردەوام و بە وەستانی قازانج ناگرێت، بەڵکو "مەیل"ێکە کە دەتوانێت بەهای هەندێک هەکاری دژەوە کەم بکرێتەوە یان دوا بخرێت. بە نموونە، زیادکردنی چەوساندنەوەی کرێکاران، کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و فراوانکردنی بازاڕ دەتوانن بە ماوەیەک بەشێکی قازانج بەرزتر بکەن، بەگام لەدرێژخایەندا بەرەو قەیرانێک هەنگاو دەنێت. بەیە لە تیۆری مارکسدا ئەم یاسایە بەشێکە لە شیکردنەوەی ناوخۆیی و ناکۆکییەکانی سیستەمی سەرمایەداری.

پێ ماتیک بیرمەندی مارکسیستی سەدەی رابردوو، دەڵێت:
"یاسای مارکس دوو لەواری هەیە، تەنانەت ئاگەر بەشێکی قازانجیش دابەزێت، ئاگەری ئەوە هەیە کەبارستەی قازانجەکان بەرزبێتەوە، ئەمەش دەتوانێت پارێزگاری لەبەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان بکات. سەرەڕای ئەمەش، دابەزینی تێکڕای بەشێکی قازانج بەشێوەی بەردەوام، لەکۆتاییدا دەبێتە پێچەوانبوونەوە و خاوبوونەوەی بەرزبوونەوەی باراستەی قازانج، کاتێکیش تێکڕای بەشێکی قازانج دادەبەزێت بە خاڵێک کەتەدا بارستەی قازانج دادەبەزێت، لەم خاڵە وەچەرخانەدا بوار بە قەیرانەکان دەکاتەوە. سەرەتا قازانج دادەبەزێت، پاشان وەبەرهێنان دادەبەزێت".

"زیادە بەرهەمهێنان" یان "کۆمکۆبوون" لەقەیرانەکاندا

مارکس "زیادە بەرهەمهێنان" وەک یەکێک لە هۆگ وێشکانی قەیرانی سەرمایەداری لەکەدداتەوە. لە دیدی ئەوەوە، نابێت

زیادەبەرهەمهێنان بەسادەیی وەک ئاوە تێبگەین کە لەکایە تاکەکانی بەرهەمهێنداکانیا زیاتر لە پێویستی بەرهەمهێناوە, چونکە ئەمە دەتوانێت تەنها بەشێک لەکێشەکە بێت و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی بەشێکی بەهۆی ناڕژێیی لە نێوان بەشەکانی بەرهەمهێنان.
مارکس ئاگاری سەرهەڵدانی قەیران لەئەنجامی بەرهەمهێنانی ناڕژێیی لە نێوان کایە جیاوازەکانی بەرهەمهێنداو بە تێواوی ڕێتناکاتەوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە "بەئاوەڵی بڕین، ئینکاری ئەوە ناکرێت کە ڕێنگە زەر لە کایە تاکەکەسییەکان بەرهەمبهێنرێت و بەم شێوەیە قەیرانی بەشەکی لەبەر بەرهەمهێنانی ناڕژێیی سەرهەڵبدات". ب

داگیرکاریی بە دەنگ: چۆن ەای گشتی ئەلیکترۆنی دەکەوێتە ژێر جەوی چەواشەکردنـــــــــــــی میدیاییەوە؟.. کارزان عزیز

لە سەردەمێکدا دەژین کە سنوورە فیزیاییەکان کاڵ بوونەتەوە و گەی زەوی بە تەرکی مەزنی دیجیتاڵی پێك بەستراوە، مرۆڤی سەردەم بەردەوام لە ژێر بەردومانی زانیاریدایە. لەشاوی زانیاری، کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییەکانەوە ڕۆژانە دەگاتە دەستمان، تەنها ئامرازێک نییە بۆ زانیاری گەیاندن، بەڵکو بووەتە گەورەترین ئامرازی ئاراستەکردن، شێواندن و کۆنتڕۆڵکردنی مەشکەکان. لەم ناوەندەدا، ەای گشتی ئەلیکترۆنی و چەواشەکردنی میدیایی بوونەتە دوو چەمکی پێکەوەبەستراو کە چارنووسی کەمێگەکان، ئاراستەی سیاسەت و تەنانەت بیارە تاکەکەسییەکانیش یەکلا دەکەنەوە، بە جۆرێک کە تێگەیشتن لەم دیاردەیە بۆ هەر کەسێک کە بکۆتە ناو جیهانی نووسین و ئاگایاندنەوە گرنگییەکی یەکجار زەری هەیە.
پێشتر ەای گشتی بریتی بوو لە کەمێک بەچوون کە لە ڕێگەی کۆ و کبوونەوەکان، چاپەمەنی کلاسیکی و ناوەندە فەرمییەکانەوە دروست دەبوون و پرسیەکی خاو و سنووردار بوون کە کاتی دەویست تاوەکو بابەتێک گەرم دەبغ یان سارد دەبووەوە. بەڵام لە جیهانی ئێستادا،

ەای گشتی ئەلیکترۆنی لە چرکەساتێکدا لەدایک دەبێت، گۆشە دەکات و دەگۆڕێت و لە پێکدا دەبێتە بابەتێکی تۆژ. پلاتفۆرمەکانی وەکو فەیسبوک، تەلگرام، ئێکس و تیکتۆک ئەمڕۆ بوونەتە مەیدانی سەرکی کە تێیدا بەیار لەسەر هەوداوەکان دەدرێت و کەبەکە لەسەر سەرنجی بەکاربەران دەکرێت. ئەم جۆرە لە ەای گشتی خاوەنی خرایێکی سەرسوهێنەرە و هیچ سنوورێکی جوگرافی شک نابات، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر ناسک و خراهێنەرە. لەبەر ئەوەی بە هاوکێشەی سەزداری و خرایی بەرەوەدچێت نەک عەقڵانییەت و لەکێنەوەی قووڵ، زۆر جار دەبێتە نەچیرێکی ئاسان بۆ ئەو لایەنانەی دەیانەوێت ئاراستەی گشتی کەمەگۆ بۆرەو لایەنێکی دیاریکراو ەابکێشن.
چەواشەکردنی میدیایی پرسێکی هەمەکی و بە مەبەست نییە، بەڵکو زانستێکی پشکۆتووە کە پشت بە دەروونناسی جەماوەری، داتای گەورە و تەکنەلۆژیای مەدێرن دەبەستێت. ئامانجی سەرەکی لەم کارە، شواندنی ەاستییەکانە بۆ بۆرژەوەندی گرووپێک، پارتێک یان هەزێکی سیاسی و ئابووری. لە فضای ئەلیکترۆنیدا، ئەمە بە چەند هێگباسک ئەنجام دەدرێت؛ لەوانە بەکارهێنانی سوپاکانی فیت و ئێکاونتی وهمی بۆ گەورەکردنی بابەتی لاوەکی یان سەرکوتکردنی ەاستییەکان، دروستکردنی ژینگەی قۆفسی زانیاری و ئەلگۆریتمە داخراوەکان کە تەنها باوەڕکانی پشووت ئاراستە دەکەن بۆ ئەوەی هەرگیز ەای جیاواز نەبینیت، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد و دیپفەیک بۆ دروستکردنی لەدوان و ڤیدیۆی ساختە کە جیاکردنەوەی ەاستی لە درۆ زەحمەت دەکات و وای لەدەکات مرۆڤ لە ەاستییەکان گومانی هەبێت.
کاریگەرییەکانی ئەم پرسێیە تەنها لە سنووری هەواڵکی هەڵدا نەماونەتەوە، بەڵکو قووڵایی کەمەگەیان تەنیوە و دەبنە هەی شکستی متمانەی گشتی بە دامەزراوە و میدیا پیشێییەکان. کاتێک هاووڵاتی بەی دەردەکەوێت کە زەربەی ئەو شتانەی وەک ەاستی پێیان فرۆشراون فێ بوون، دەرگا بۆ بڵاوبۆری فکری و جەمسەرگیرکردنی توندی کەمەڵایەتی دەکرێتەوە. کەمەگەکان دابش دەبن بۆ بەرەی دژبەیەکی تووندڕەو، کە تیایدا گفتوگۆی لۆژیکی جێگەی سووکایەتی و ەق و کینەی ئەلیکترۆنی دەگرێتەوە، و لە ئەنجامدا سیاسەت و بیارە ئابورییەکان لەژێر کاریگەریی هەمەتی دروستکراوی ئەلیکترۆنیدا دەسووڕێنەوە نەک زانیاری ەاست و بۆرژەوەندی گشتی.
بۆ ئەوەی ەای گشتی نەبێتە دیلی دەستی فێبازە میدیاییەکان، کەمەگە پێویستی بە هەنگاوی جددی و هشیاریێکی فراوان هەیە، وەک گۆشپێدانی هشیاری میدیایی لە ێگەی سیستەمی پەروەردەیی و ناوەندە ئێکادیمییەکانەوە تاکوو تاکەکان فێر ببن سەرچاوەی هەواڵ

هەستەنگێنن. هاوکات پشتبەستن بە دەزگا تایبەتمەندەکانی پشکنینی ئاستییەکان و پابەندبوونی میدیاکارە ئاستقینەکان بە بنەما و ئەخلاقیاتی پیشەییەوە، تاکە ڕێگەن بۆ ڕووگریکردن لە بڵاوکردنەوەی گشتی لە پێناو بەرژەوەندی تەسکدا.

لە جیهانێکدا کە زانیاری بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەگۆڕێت و مەشکەکان لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی شێواندندان، زانست، دیراسەتە وردەکان و بەهەزکردنی بنەماکانی لەژیک دەبنە قەڵایەکی پتەو و بەرگریکەر بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە مرۆییەکان. هەر بۆیە پێویستە دامەزراوە پڕوپاگەندییەکان پلانێکی تەکنەلۆژیا بن، بەکو ڕێخنەگر و لێکۆڵەری کارای ناو پلاتفۆرمەکان بن، بە جۆرێک توانای هەستەنگاندن و فلتەرکردنی زانیارییە ژەهراوییەکانیان هەبێت، چونکە بەدەنگبوون یان پشتگوێخستنی ئەم مەترسییە مانای ئادەستکردنی چارەنووسی گشتییە بە گروپ و هەزگەلێک کە تەنها بەرژەوەندی تەسک لە بەرچاو دەگرن و بنەماکانی پێکەوەژیان و ئارامی کۆمەڵایەتی لەکەدار دەکەن.

ئەنجام

ئای گشتی ئەلیکترۆنی هەزێکی بەوەنێیە، ئەگەر بە هەشیارییەوە ئاراستە بکرێت دەبێتە پردی گەشەپێدان و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵام ئەگەر بکەوێتە ژێر جۆری چەواشەکردنی میدیاییەوە، دەگۆڕێت بە چەکێکی کوشندە کە بنەمای پێکەوەژیان و متمانەی کۆمەڵایەتی وێران دەکات. هەشیاری تاک و تەکردنەوەی بەدواداچوونی کۆرانەی پێیامەکان، تاکە قەڵایە بە پاراستنی مەشک و ئازادییەکانمان لەم سەردەمە دیجیتاڵییەدا کە تێیدا زانیاری بووەتە کایەکی خێرا بە گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، و پاراستنی سەربەخۆیی فکری کۆمەڵگە لەسەر شانی تاک بە تاکی هۆشنبیران و ناوەندە زانستییەکان هەوەستێیکی مەژووییی و نیشتمانییە.

کارزان عزیز

گفتوگۆی بەختەوەری لە نێوان فەلسەفەو دەروونشیکارییدا.. سیمنارێک بە د. ئازاد حەمە لە گەلەری ئارام

شەممە
٢٠٢٦\٩\١٩.. کاتژمێر ٦ی ئێوارە



ئایا ناوی ئەربیل لە ئەربائیلی ئاشوورییەوە هاتووە؟.. بەوار ڕەسوول (سوداد ڕەسوول)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئەربکەن..

BewarRaswl_AyaNawyDownload

ئاو کچ.. نەوزاد بەندی

چەندین بیریاری گەورەی وەک گالیلە و ئینگلز و شارل فۆریە و کارل ماركس لەو باوەڕدان ژن هەرگیز نابێتە لەشفرۆش و بە سروشتی خۆی حەزی لە پاکیزەیی وپاشان دایکایەتییە، ئەو پیاوە بە شەرەفکانن لە خشتەی ئەبەن و برسی ئەکەن و ناچاری ئەکەن لەشی تەسلیم بکات..سیستمی سەرمایەداریی و بازرگانە بە مەراەکان، ژن ئەکەنە کەرستەی چێژ و پەن و کەمپانیای بەدەوشتیی گەورەی لە دروست دەکەن..
ئەمن مارلین مۆنرۆ، دوای ئەوەی کرا بە ئەستێرەی سێکس و وروژاندن لە هۆلیود، تەنانەت سەرکی ئەو کاتەی ئەمریکا جۆن کێنیدی و براکەی بە جیا جیا ژوانی سێکسییان لەگەڵدا ئەبەست، لە ناکاو کوژرا ..ووتیان خۆی کوشت .. لە هەندە لە بیرووریەکانیدا، ئەڵێت : خەزگۆ لە لادێیەکی دوورە دەست بوومایە، هیچ کەسێک نەیناسیمایە، دایک بوومایە و منداەکانم پەروەردە بکردایە ..!
ئەمایە سروشتی ڕاستەقینەی ژن، ئیتر لە هەر پلە پستەکا بێ، لە هەر لوتکە و نشێوەکدا بێ..
کە پەسەی هاوسەرگیریییش ئەنجام ئەدات و ئەبێتە خاوەنی منداڵ، هەموو خولیا و حەز و خەشیەکانی لە منداەکانیدا ئەبینێتەوە و .. حەزی سێکسی تەدا کاڵ ئەبێتەوە، بۆیە پیاوە بە شەرەفکان ئەکەونە بەر بەر و سەرتاتکە و خیانەتکردن .. ئە بنەچەی ئافرەت پاکیی و بەخۆکردنی منداەکانێتی، نەک لەشفرۆشیی و شوێن کەوتنی سێکس و

پیاوە ناشیرینە کۆمەڵ ملیۆنەرەکان..
یەکێک لە هەڵکارەکانی بە ئیشیی و دانەمەزراندنی گەنجان، بە ئاوەژووکردنەوەی کۆمپانیاکان لە لایەن کەتەکانەوە ناشیرینەکانی دەسەڵات و دەلاڕەوە، ئاسان بە..
کاتێ بە لەشاو کچێ ناسک و نازدارەکان ئەبنە ئاگیاندنکار و پێشکێشکاری کەناڵە حیزبییەکان، نە لە خۆشی حیزبێ و نە لە عەشقی ئاگیاندنە و نە حەزیش ئەکەن بەو شێوەیە دەربکەون و جەماوەر بیانبینە، بەڵکو بە هۆی برسێتیی و بە هیوایی و نائومێدکردنیانەوە لە لایەن دەسەڵاتێکی هاوسەبازی پێشکێشکەرەوە .. ئەو شیرینانەی کە ئەکەونە داوی کەتەکە کەنە مافیا سمە بیاخکراوە قەزوونەکانەوە، لە بنچینەدا فەرهادکانیان بە ئیش و کار و نائومێد کراون .. یان لە شەڕە ناوخۆکاندا شەهید کراون ..یان بە عەرەبانەیەکەوە لە هەوڵی پەیدا کردنی پاروو نانکدان بە دایک و باوک و خوشک و براکانیان .. یان لە بارگای حیزبەکدا بە نانسکیی بوون بە پاسەوان.. یان لە هەندەران تەز دەکەن و هەندەکیشیان لە ئاوی ئیجەدا خنکاون .. ئەو خەجێ نازدارانەی لە ئاگیاندنەکاندا وەک ماسی خەمگین دەردەکەون و لە پشت پەردەیشەوە قولاپی سەد بازرگانی دز و گەندەڵ و نیشتمانفرۆش بەرزفتی کردوون .. سەد سیاسی ناوگەڵ ئاشاویی، تەی خەی بە هەداون و ناچاری شۆڕیان کردوون بە دیار چەرچ وڵچیی و دەم و فەقیی لیکاویی و چەماویانەوە ..سیامەندکانیان لە ژێر ئشکەنجەی دەروونیی و ئابوریی و بیر و باوەڕدا، عەقڵیان لە دەست داوە و لەسەر شەقامکان کارتۆن کەدەکەنەوە .. یان لە کەمپکی بگەن و شەداری ئەوروپادا، بە مەمرێ و مەژی، تەمەنیان بەرەکرد و سەریان سپی بوو، نەبوونە خاوەن گەزنامە و پاسپۆرت و دۆلار تا بگەڕێنەوە بۆ لای خەجی ناسک و نازداریان ..ئەو خاتووزینە نازدارانەی ناچارکراون ببنە گەفرەند یان ژنی کاتیی و نهێنی سیاسییە سەرخۆشە پیر و پەککەوتە و ڤیاگرا قوتدەرەکان، ئەسەن قەزیان لە دەم و قۆپزیی چەماویی و .. وورگی ئاوساو و غازات و دەوالی و فتق و ناسەر و مایسیریی ئەو ملیاردەرانە دەتەوە، بەڵام چی بکەن ؟ کاکە مەمکانیان لە حەمدەک خراپتر ئاوارەی شاخ و پەدەشت و چۆڵ و سەحرا کراون ..خەیان لە کاکەمەمکانیان برسیتر و بە گوزەرانتر، ئەوانیش لە خاتووزینەکانیان بەڵەنگازتر و هەژار و قەڵەندەرتر و سەرگەردانتر ..
بە ئیشکردن و دانەمەزراندن و هەڵفاندنی لاوان بە ئەوروپا و شام و شیراز، ئاوکردنەکی بەویژدانانەی خەزاڵکانی لە پشتەوێ ..
بەوانە، ئەوەی جوان و ناسک و نازدار بێ، لەناو کادیلاک و ئەسایس

و سەرا و قولە و کەشکەکانیاندا بەند کراون و .. تەسلیم کراون و .. کراون بە کەرەستەی چەژ و حەز و ئازووی پیرەمێردە دز و جەردەکانی نیشتمان ..
بەوانە ئاگیاندنکان، وەک بەردەم کەمپانیای پلەی بەی وان، هەرچی نازدار و دەلالی نیشتمانە، تیایاندا دیل و کۆتی سەرەک عەشرەتە هەشکیە چاوبرسیە هەرگیز تێرنەخۆرەکانن .. ئەوانەی لە مێژە عەقیان کردووە بە قوربانی غەریزەی ووزگ و ناوگەیان ..
بەوانە، شار و کەلانە کۆن و پڕتکاوەکانی شار، جوانەکیان تیا نەما لەگەڵ خەڵ ئاوابوونا چاوەڕێی شاسوارە باڵا بەرزە شان و شەپۆلک هەستەمکەی بکات .. هەموویان بوونە پەدەشتی کارمامزە کوژراوەکان .. بوونە خزمەتکار و کەنیزەک و قەتیسماوی کەوەکانە سیخنە ێیخنە لەخنەکان ..
ئیدی شتەک نییە بەناوی داستانی عەشق .. شاعیرەکان درێ ئەکەن .. ئاواز دانەر و گەرانیبێژەکان سەریان دای لە بەرد .. هەرچی جوانیی و دەلالییە لەبەر پەی حەربا و بزنمژەکەکانی دزیی و گەندەیدا، وەک شوشەی عەتر شکاون ..ژاون ..تەکەڵ چەماوی فیاگرا و کەم جەراحەت بوون.
درێ ئەکەن، هیچ شاسوارە نەماوە لە ئاوزەنگی ئەسپە شە بدات و . .ئەوارانە بچەتە جە ژوان .. کچە بەرەکان هەموو بوون بە کچەمەدەل و ..بە جی کەاس و شوقە و موچەی بندیوار ئامکران ..بوون بە خەبەخش لە کەمپانیا و دامەزراوە عەشاریە حیزبییە بنەماڵەییەکاندا ..بوونە کاوێژکار و ئاوێژکار و بەهەشکاری شەوە سوورەکانی کەشکە دزراوەکان .
نیشتمانە سندوقی خانەنشینیی و شەرپەنجەی تەدا تاڵان بکرێ، چەن ئەو هەموو بەژن زراف و دەم شلیک و سنگ هەنار و هەرمە و لیمۆیە تاڵان و بەڵە ناکرێن ؟؟ ..
دەلالە .. دەلالە ..دەلالە ..
ئەی وەی حەیرانم بەو حەیرانەی،

حەیران دەبی بەهارە بە و،

بارانە بە لەزمە و خەفف ببارێ،

کەو و کەمەر شین ببن، مەڵ و ماڵ بەنە خوارێ.

ئەی وەی دە لەم بگەڕێن، با حەیرانە بەم بە دەنکە زەردو،

کچە دەبە بریندار هەیە بریەنی بە زەرب بە، سەری بپەچە بە بەرد و

بۆ هەرد و،

دەبێ ئەمن بریندارم، بریندم دەستکاری کچێ هەولێریێکی چاوەش و خاڵ لێگەرد و.

ئەی وەی با بچینە سەر گردی هەولێر،

تەماشای ناو دەشتێ بکەین، بۆوانینە خوارێ،

یارم کراسی کەتانی لێبردایە، بەسەر پەنجەی پێیاندا دەڕوات و خاڵیان دەنێت.

هەمالک بابە بۆوژنە مەخوازن، بۆوژن ماوەرانییە،

کچێ هەولێریان بخوازن، با باباڵبەرز و چاوەش و لێوئال بێ،

کە دەڵێی لێگەڕیدا، دەت دەساوەتەوە لە گشت دەرد و پژارێ

بەربەستێ عەقیێکان و لایەنگرییێ مەعریفییێکان: کاتێک مەشک ڕەگەری لە خەی دەکات.. نووسینی: کارزان عزیز

مەشکی مرۆڤ هەمیشە وەک ئاشناترین و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین پەناگەی بەیاردان ناسراوە، وا باوە کە دەتوانێت ملیەنان کردار و لەکدانەوەی خەرا لە چرکەیەکدا ئەنجام بدات، کە ئەمەش بە دەنیایەوە لە خرایی و توانای پشکەوتووترین کەمپیوتەری سەردەمیش تێپەڕە دەبێت. بەڵام ئەم خرایی و پشکەوتنە مەشک بگەرد ناکات لە کەموکوڕی و هەڵەی سروشتی، بەو پێیەی سیستمی دەماریی مرۆڤ بە ئەوە دیاری نەکراوە کە هەمیشە لە ڕوانگەی لۆژیکی پێتبووەوە شیکاری بە ڕووداوەکان بکات، بەڵکو لە پەناوی پاراستنی وزە و ڕزگاربوون لە ماندووبوونی بەردەوام، مەشک هەمیشە پەنا بە

کورتەباڵەی هزری دەبات. ئەم کورتەباڵانەش لە زەربەی کاتەکاندا دەبنە هۆی دروستبوونی لادان و هەڵەی کوشندە لە بەیارە چارەنووسسازەکانی ژیانەدا، کە مرۆڤ بە بە ئاوەی هەستی پێ بکات، دەکەوێتە ناو بازنەیەک لە بەیاری نالەژیکییەوە.

پێش ئاوەی قووڵتر بچینە ناو ناساندنی ئەم لایەنگرییە مەعریفییانە، پێویستە لە ڕووی زانستی و زاراوەناسییەوە جیاوازیمان هەبێت لە نێوان دوو چەمکی جیاواز کە زۆر جار لەلایەن خوێنەرانەوە تێکەڵ دەکرێن؛ یەکەمیان بەهەڵەبردنی لەژیکی کە بریتییە لە جۆرێک لە هەڵە یان فەڵکردن لە شێوازی بیرکەوەنانەوەدا کە وا دەکات بابەتێک لە ڕواڵەتدا بە ڕاست و پتەو دەربکەوێت لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا پووچ و هەڵەیە. دووەمیان لایەنگری مەعریفییە کە پێکهاتەیەکی قووڵتر و بریتییە لە تێکچوون و کەموکوڕییەکی ڕاستەقینە و ناوەکی لە پەڕەسێی بەیاردانەدا، کە بەهۆی کێشکانی بیرگە، فشارە کەمەڵایەتییەکان، شیکارییە هەژمارییە هەڵەکان، یان دروستکردنی هەستێکی درێنە بە ڕووداوەکانی داهاتوو دروست دەبێت. هەندێک لە زاناکانی دەروونناسی کەمەڵایەتی پێیان وایە کە دوای ئەم لایەنگرییانە لە کاتی مەترسیدا وەک میکانیزمێکی خۆڕا بە مانەوە کار بکەن، بەڵام لە ژیانی هاوچەرخدا زۆر جار بەرەو هەڵەی گەورەمان دەبەن.

دیارترین ئەم لایەنگرییە مەعریفییانە کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا و بێئاگایانە دەکەوێتە ناو تەڵەیانەوە، فرەوان و هەمەجۆرن؛ لەوانە لایەنگریی پشتڕاستکردنەوە کە تێیدا مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە حەز دەکات هەمیشە هاوڕای ئەو کەسانە بێت کە هەمان جیهانبینی و باوەڕەی ئەویان هەیە. مرۆڤ بە شێوەیەکی نائاگایی حەز دەکات تەنها سەردانی ئەو دەزگا و پلاتفۆرمانە بکات کە کەمتر لەگەڵ هزرییەدا، و بە شێوەیەکی بەرنامەبۆکراو خۆی لەو دەزگایانە دەدزێتەوە کە دژی تەوانینەکانیانن. سکینەر ئەمە بە ناتەبایی مەعریفی دەناسێنێت و پێی وایە مرۆڤ هان دەدات بە پەنابردنە بەر ئەو بۆچوونانەی کە لەگەڵ ڕای پێشینەیدا گونجاون، تەنانەت ئەگەر ڕای دژبەر ڕاستیش بێت. لە سەردەمی ئەمەدا، تەڵە کەمەڵایەتییەکان و ئەگەریتمەکان ئەم دیاردەیەیان زۆر زیاتر قووڵ کردووەتەوە.

لە پاڵ ئەمەشدا، لایەنگری کەمەڵەی ناوەکی وەک مەیلێکی خۆکی سروشتی و زگماکی دەردەکەوێت بە لایەنگریکردنی بەمرجانەی ئەو کەس و گروپەی کە مرۆڤ خۆی تێیدا ئێندامە، چ لە ئاستی خێزان، گروپ، یان نەتەوە و پارتدا. ئاوەی جێی سەرنجە، ئەم لایەنگرییە بەستراوە بە هەڵەمانی ئەکسیتەسینەوە کە ناسراوە بە تەنەلکەی خۆشەویستی، و کاریگەرییەکی دووانەیی هەیە؛ واتە لە لایەکەوە متمانە و هاوسۆزی

لەناو گروپەکەدا دروست دەکات، و لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی گومان و بەمتمانەیی توند بەرانبەر بە بیگانەکان و کەسانی دەرەوەی کەمەکە، کە ئەمەش دەرەنجام دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەهای گروپی خۆی بە بە بنەما و سووکایەتیکردن بە ئەوانی تر.
هەروەها بەهێزبردنی قومارچی یەکێکی تر لەو کەموکوڕییە هزرییانەی کە تێیدا مرۆڤ پشت بە هەوداوەکانی ئابردوو دەبەستێت بە پێشبینیکردنی داهاتوو لەو بارودۆخانەی کە لە بنەڕەتدا سەربەخۆن. بە نموونە، کاتێک دراوێکی کانزایی چەند جارێک هەڵدەدەیت و هەمیشە لایەکی دێتەوە، مشک وا بیر دەکاتەوە کە لە جاری داهاتوودا مەرجە لایەکەی تری بێت، لە کاتێکدا زانستی ئاگەڕکان سەلماندوویەتی کە هەر هەڵدانێک هەوداوێکی سەربەخۆیە و پێشینەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نییە. ئەم هەڵە دەروونییە هۆکاری سەرەکیی ئالوودەبوونە بە قومار و باوەڕهێنان بەوەی بەخت هەمیشە لە بەرژەوەندیی ئەودا دەشکێتەوە. هاوکات بیانووی پاش کەین میکانیزمێکی دەروونییە کە تێیدا مرۆڤ کاتێک شتێکی گرانبەها یان بکەرێک دەکەیت، بە ئەوەی دان بە هەڵەی بڕیارەکەی خۆیدا نانێت، پاساو و لۆژیکی ساختە بە کەیسەکەی دەهێنیتەوە تاوەکو هاوسەنگیی دەروونیی خود بپارێزێت و لە سەرزەنشتی خود دوور بکەوێتەوە، کە دەروونناسان ئەمە بە نەخۆشیی ستەکهەڵمی کەین نادەن.
لە لایەکی ترەوە، پشتگوێخستنی هێڵەی ئاگەڕ وای لە دەکات کە مرۆڤ ترسی زیادەی هەبێت لەو شتانەی کە مەترسییەکی کەمیان هەیە، وەک ترسان لە فڕۆکە، لە کاتێکدا مەترسییە گەورە و کوشندەکان وەک هەوداوی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل کە ساڵانە ملیۆنان قوربانی هەیە پشتگوێ بخات، کە کاس سەنستاین ئەم دیاردەیە بە فەرامۆشکردنی ئاگەڕکان ناو دەبات و دەڵێت مرۆڤ لەو شتانە دەترسێت کە تێنها لە هووی دەروونییەوە قورس دیارن نەک لە هووی ئاماریی ئاستەقینەوە. لە هەمانبەردا، لایەنگری هەڵبژاردەی چاودێریکراو وای لە دەکات کە مرۆڤ هەست بە زەربوونی لەمادید لە شتێک بکات کە تازە سەرنجی ڕاکێشاوە، وەک کەینی ئۆتۆمبێلێکی نوێ کە وای لە دەکات وا هەست بکات شەقامەکان پڕ بوون لەو جۆرە، لە کاتێکدا ژمارەیان نەگۆڕاوە و تێنها مشکی مرۆڤەکە ئێستا زیاتر تیشکی خستووەتەسەر.
سەبارەت بە لایەنگری دەخی ئێستە، ئەمە ترسێکی قوواڵە لە گەڕانکاری و پێسندکردنی هەشتنەوەی بارودۆخێک بە شێوەی ئێستەی خۆی بە بە گوێدانە پێویستیی ڕاستەقینە بە چاکسازی، کە لە سیاسەت و ئابووریدا زۆر باوە و وەک بڕبڕستێک لەبەردەم پڕۆسەندنەکاندا دەوەستێت. هەروەها لایەنگری هەنووکە دژواریی تەڕامانە لە ئایندە و تێنها تێرخانکردنی هەموو سەرنجەکان بە چێژ و بڕیارەکانی ساتی

ئەستا، کە دەبێتە هۆی نائارامیی ئابووری و دووركەوتنەوە لە پاشكەوتكردن یان پابەندبوون بە نەخشەی تەندروستیی درێژخایەنەوە.
لە كۆتاییی ئەم زنجیرە بڕبەستانەدا، لایەنگری بیركردنەوەی نەرێنی وای لە دەكات كە مەشكی مرۆڤ هەمیشە بایەخێكی قووڵتر بە هەواڵ و ڕووداوە خراپەكان بدات بڕاورد بە لایەنە ئەرێنییەكان، وەك ئاوەی ستیڤن پینكەر ئاماژەی پێ دەكات كە سەرەڕای دابەزینی ڕێژەی توندوتیژی لە جیهاندا، خەڵك هەشتا باوەڕیان وایە جیهان بەرەو دەزەخ دەچێت. لە تێنیشت ئەمشەوە، كاریگەری مێگەل وا دەكات تاك سەربەخۆییی هزریی خۆی لەدەست بدات و شوێن تاوزمی گشتی بكەوێت بە بوونی بێگەی لەژیكی، كە ئەمەش فاكتەری لاوازیی ئاپرسیپیكانە. هەروەها لایەنگری خستنەپاڵ وای لە دەكات كە مرۆڤ بیركردنەوە و ترسی خۆی بخاتە پاڵ دەوروبەری بەو پێیەی هەمووان هەمان شت بیر دەكەنەوە (لایەنگری كەدەنگی ساختە). دواجار، كاریگەری لەنگەرگرتن بڕاوردكردنی شتەكانێ تەنها لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە سەرەتاییەی كە لەبەردەستیدایە، وەك بەكارهێنانی نرخی بەرز و داشكاندنی ساختە لە فرۆشگاكاندا بە خەڵكاندنی مەشكی كەیار.
ئەم لایەنگرییە مەعریفییانە هەموویان پێكەوە نەخشەیەكی هوون لە كەموكوڕییەكانی بیری مرۆڤ نیشان دەدەن، و تێگەیشتن و ناسینی قووڵی ئەم بڕبەستانە دەتوانێت ببێگە خەش بكات بە ئاوەی لە داهاتوودا هەشیارانەتر و لەسەر بنەمای لەژیكەكی پتەو بەیار لەسەر ژیان و چارەنووسمان بدەین.

سەرچاوە
https://gizmodo.com/the-12-cognitive-biases-that-prevent-you-from-being-rat-5974468
https://arabatheistbroadcasting.com/essay/042730253484

كوشتنی ژن، كوشتنی كەمێگایە..
ئەحمەد كامەران

لە چوارەمین ساڵیادی شەهیدكردنی ژینا ئەمینی،سەرەتا سەری ڕێز و نەوازشت بە قارەمانێتیكەیان دەنوێنم.

ژینا توانی بۆ ئازایەتی و بوێری خۆی ببەتە پێشەنگی هەموو ژنانی چەوساوەی نێو کۆمەڵگای پیاوسالاری لە دژەهەڵاتی کوردستان و ئێران دا. تەنیا دەنگێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو شۆشگێڕێکی چاونەترسی ئازادی خواز بوو، توانی لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی چەندین ساڵەی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران ، کە تەیدا دەستی سورە بۆ کوشتنی هەزاران ژنی ئازادیخواز بۆ چەندین هەکاری جیاوازەوە. بەڵام ژینا دەنگی ناڕەزایەتی هەموو ژنانی دژەهەڵاتی کوردستان و ئێران وەکو شۆشبایەک گەیاند بۆ گوێی دەسەڵاتێکی پیاوسالاری ئاینی دا. ئۆگرچی دەسەڵات ویستی لەدەنگای کوشتنی ژیناوە، دەنگی ئازادی ژنان بەتەواوەتی سەرکوت بکات. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، داجار شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بوو بۆ وەچەرخان و دەبازێکی نوێی شۆشی ژن، ژیان،ئازادی.

دواجار سەرهەڵدانی ئەم شۆشە تەنیا لەسنورێکی دیاری کراودا قەتیس نەکرایەوە، هەرزوو بۆ بوێری ژنانی ئازاد توانی سنورەکان بشکێنێت و هەموو پارچەکانی کوردستان و جیهانی بخەیەوە تەنی. لەئێستادا هەمووژنان بەیەک دەنگ و یەک ئامانج خەبات بۆ شۆشی پیرۆزی ژن ، ژیان ، ئازادی دەکەن.
جەگای باسە ئەم شۆشە هزریە، تەنیا پەیوەست نەکراوە بۆ ئازادی ژنان، بەڵکو پیاوانیش دەبێت شان بەشانی ژنانی ئازادیخواز لەی گرنگی خەیان تەدا بگێن، لە دەگای ئازادکردنی هزر و بەچونەکانیان لەبارەی بچوک بینینی ژنان لەنێو کۆمەڵگادا و سەپاندنی دەسەڵات و هێزی خەیان بەسەر هەموو مافەکانی ژنان. پێویستە پیاوان چیتر دەسەڵاتی پیاوسالاری لەخەیاندا نەبینن، بەڵکو هەوڵی کوشتنی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپارێزیە لەهزریان بدەن، خەیان بۆ یەکجاری ئازاد بکەن. پیاو سالاری بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتداریدا بۆتە هەکارێکی سەرەکی بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و تەکدانی تەواوی ئاراستەی کۆمەڵگا. کۆتایی هێنان بۆ هزری پیاوسالاری، واتە کۆتایی هێنانە بۆ کوشتنی تەواوەتی ژنان.
بۆ کوشتنی یەک ژن لە کۆمەڵگادا ، بۆواتای کوشتنی کۆمەڵگایەک دێت. چونکۆ دواجار ژن خاوەن پێگەیەکی گرنگی کۆمەڵگایە، کاتێک تەی پیاو هەوڵی کوشتنی ژنێک دەدەی کەواتە تۆ هەستای بۆ ئازاردانی گرنگترین بەشی کۆمەڵگای مرۆقایەتی. دەبێت ئەو پیاوانەی دەستیان بۆ خوێنی ژن سورە، دادگا قورسترین سزا بەسەریاندا بسەپێنرێت، ببن بۆ پەندێک بۆ پیاوانی دیکە، چیتر بوێری ئەویان نەبێت پەنجە بۆ ژنێک درێژ بکەن. جەگای داخە دەبینین ئەو یاسایانەی دانراون زەربەیان لە بەرژەوەندی پیاوداین، تەنانەت لەلایەن پیاوانەوە یاساکان

نووسراون. پیاوێک بە هەڵکاری ناموس ژن و خوشکی خۆی دەکوژێت. ماوەیەک زیندانی دەکرێت،کەچی پاش ماوەیەکی دیکە دەبینین بە هەڵکاری پاکردنەوەی ناموس لەلایەن دادوەر ئازادی دەکرێت.

لە کۆتایی دا دەڵێم؛ سەردەمی ژنە ئیتر، سەرکەوتن بە شێوەی ژن، ژیان، ئازادی. بەووخێت دەسەڵاتی کۆنەپارێزی و چەوسانەوەی ژنان. ڕووحی هەموو ژنانی ئازادیخواز شاد و ئاسودە بێت.

ئەحمەد کامەران
نووسەر و ڕۆژنامەنووس

دەموچاوەکان و جلی مەکتەب و شتی تریش.. نەوزاد بەندی

گەنجێک هەیە، حاڵەتی ئاتیزمی لەگەڵدایە، ئەو نەخۆشییەی مرۆڤ لە کەمەگا دادەبڕێت و بە هەندە تقوس و شەوە ژیانی سادەوە سەرقاڵی دەکات و هەموو ژیانی لە چەند جوڵە و خواردن و قسەیەکی کورتدا بەسەر ئەبات، ئەمەیش وا دەکات ڕۆژی کەمئەندامیی ئەم جۆرە کەسانە بە لە سەدا سەد دابنرێت ..
لەگەڵ ئەویشدا ئەو گەنجە ئاتیستە، کاتێ گەندەڵییەکی ڕەگا و بان و خزمەتگوزاریەکان ئەبینێ، ئێڕەت : خەتای دەم و چاوەکانە !!
پێی ئێمە : مەبەستت لە کام دەم و چاوە ؟
ئەو : دەم و چاوەکانی حوکمەت ..کە قەت ناگۆڕن ..هەر ئەو دەم و چاوانەن ..!!
ئێمە : چۆن ئەوەت زانی ؟
ئەو : لە گەڵ سەیری حوکمەتی ووڵاتانم کرد .. دائیمە ئەو حوکمەتانە ئەگۆڕن ..هەر لای خۆمان ناگۆڕن !!

ئیتر هیچم پێ ناووترێ ..
تەوارە ئەو دەم و چاوانە ئەوەندە دووبارە و سەد بارە بوونەتەوە، بە ماوەی زیاتر لە 35 ساڵ، ژمارە پەوانەیەکانی سەدام و ئەسەد و موبارەک و قەزافییان تێپەڕاند، وا لە نەخۆشکی ئاتیست بکەن کە ڕۆژی کەمئەندمیەکی لە سەدا سەدە، لەیان بێزار بێ و ..هەر

نەخۆشیی و ناخۆشیی و ناهەمواریيەک ببینێ، بۆ خۆتای دەم و چاوکانێ ..واتا حاڵەتەکێ ئاوەندێ ناهەموار و نادروست و ناقۆڵایە، تەنانەت کەمئەندامێ کە پلەی کەمئەندامییەکەی لە سەدا سەدە، بەی قوت نەچێ و پەی قبوڵ نەکرێ و هاواری لێ بەرز بێتەوە ..هەرچی ناهەمواریی و چەوتیی و چەوتییێ بیخاتە ئەستەی ئەو دەم و چاوانەوە..

وەک پشتریش لێ ووتاری تردا ئاماژەمان پێداوە، ئەنسرپێلجیست و سایکەلجیست و سەیلجیستەکانی ووتاتە پشکۆتووکان، گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر زیرەکترین و دڵسۆزترین کەس بە ماوەی چوار تا هەشت ساڵ زیاتر ووتاتی بدەیتێ دەست، لە هەڵکەڵ دادا و وەک شاژنێ فیکتۆریا بەرامبەر میللەتەکی برسی و ئاپڕیو، ئەڵێ : ئەنان نییە بۆچی پسکیت ناخۆن ؟ یان وەک ئەوانەی لای خۆمان، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ زیاتر بەسەر هەڵبژاردندا، لە جیاتی پەکهەنانی کابینەی نوێ، هەر یەکەی لە ئاستی خۆیەوە خەریکی قەتار و ئەڵاوێیسی خۆیەتی و بە هیچ هەڵکیش وازی لێ ناهێنێ ..هەر بۆیە ئەو زانایانەی ووتاتانی پشکۆتوو، یاسایەکیان پیادە کرد تیایدا وادەی چوار بۆ هەشت ساڵ حوکمانیی بۆ هەر سیاسەتمەدارێک دانراوە، دوای ئەوێ ئەبێ هەتا هەتایە واز لێ حوکمانیی بهێنێ، ئەو ئەو ووتاتانە پشکۆتوون و بە قەتار و ئەڵاوێیسیی ناچن بۆڵوە.

ئینجا شتێکی تریش هەیە لەم ووتاتدا کە پەی ئەووترێت : پشکۆتن لە بواری سواکردندا ..ئێ بە گومان لە کەمەڵگا و ئیدارەیەکی بە سەر و بەر و ئاوستاو و پەنگ خواردوودا، خۆ پشکۆتن لە بواری فیزیا و کیمیا و بایەلۆژیی و تەکنەلۆژیادا ووە نادات .. حەتمەن پشکۆتن لە بوارەکانی سیحر و جنۆکەزانیی و نوشتە و گەندەڵیی و سواڵ و کاسەلەسیی و مەسینەهەڵگرتنا ووە دەدەن ..

بە نمونە کاتێ وادەی کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن و ساڵی نوێی خوێندن نزیک ئەبێتەوە،

خەڵکێک لە مزگەوت و ناوبازاڕ و تەڵەفزیۆنەکەمەڵایەتییەکان پەیدا دەبن، بە گوتارێکی کاریگەر و زاری پڕ فرمێسک، داوای پارە لە خەڵک ئەکەن بۆ کڕینی جلی مەکتەب بۆ منااڵەکانیان ..

هەندێکیشیان ئەکەونە داد و بێداد لە دەست وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن، کە هەر ساڵەی جارێ جل و بەرگێک لە تەلەبەکانیان داوا دەکەن، بێ بە گوێدانێ باری ئابووریی خەزانەکان ..

هەموو ساڵێ ئەم قسوانە وەک قسوانی سیارەی جامەش و پیسکردنی سیرانگاکان دووبارە ئەبێتەوە..بێ بە ئەوەی نە وەزیری پەروەردە و

بەڕێوەبەرەکان باکیان پێی هەبێ و لەو بیارێ مەخملیەیان پێشیمان ببنەوە، نە خێکە هەژارکەیش مانگرتنەیان هەڵوەستەوەربگرن تاکو ئەم بیارێ سەرمەستانە بگۆڕن.. نە هیچ شتێووداتە، ئەم ساڵیش وەک ساڵکانی تر، ئەگوزەرێ، لەو لایشەوە سیانزە هەزار کەس ناوی خۆی نوسیوە بۆ کەینی ئایفۆنی هەژدە.

لەگەڵ ئەو دوو شتەدا، شتێکی تریش هەیە کە بۆتە ای من ئەوەندەی دوو شتەکەی سەرەوە سەیرتر و عەنتیکەترە ..
هەژنامە هەیە ئەوە ئازادم و .. پێگەی ەای ئازاد و .. دیموکراسیی و ئەو جۆرە شتانەم .. کەچی کە لە ووتارەکا ناوی دوژمنێکی سەر سەختی میللەتەکەمان ئەهەنیت و هەندە لە تاوانکانی بە نمونە ئەهەنیتەوە، ووتارەکەت بلاوناکاتەوە .. بۆ بۆ هۆ، بۆ بۆ پاساو، خۆی لە ئەکا بۆ کەسێی شڕبەت ..
خۆ من ئەزانم نەک ووتار ، هاوار هاواریش هیچ کاریگەرییەکی نییە و .. کەمەگاکە تازە بووە بۆ گەستان، ئەمەیش ئامودە بووین بۆ نوسینەوە، ئەگینا خوا شاهیدە ئەو کاتانەی دەست ئەدەمە قەڵەم لە هەموو کاتە نائومەدترم..بەڵام ئەێی چی لەگەڵ ئامودە بووندا ؟!
بەڵام بۆچی دەبە سانسەر هەبە لە کاتێکدا ئەو هەزاران هەزار ووتارە ئاگرین و کەناڵە ئاگرینەی ئەپەزیسیۆن، نەیانتوانیوە بچووکترین هەڵوەستی جەماوەریی دروست بکەن؟
پە دۆچە مەسەلەکە پاشکەیەتیی بۆ بە دوژمنانی میللەت، بەرامبەر کیسێک درهەم و دەراهیم ..واتا ئەو جۆرە هەژنامانە لە سفستەکانن و ..لەبەر دەی ئاغاکانیان کە نانخۆریانن، بە موو لەو کەیلایەتیی و بەندایەتییە لانادەن .. هەخنە و .. تەنانەت جنێو و زللەیش لە شەخسی خۆیان بەدەیت، ئاسایی و ئەیترنجێننە قاڵبی ئازادیی هەژنامەگرییەوە، بەڵام پەرگرافێک لە مەژووی بکوژێکی میللەتەکەمان باس بکەیت کە هەموو دنیا لەسەری کەکن و بووە بە دەکیەمەنتاریی، ئەمەیان کفری دەرجە ئولایە و.. بۆ هیچ جۆرە نابە ەوناکیی ببینە، ئە برا هەژگارێک تەکەووتووین نان لە قوگی سگایە، ناکرێت لەبەر ووتاری بابایەکی نەناسراوی بکاری هیچ نەهاتوو، ئەو قەزاتمە و دەنەر و تاووقە لە خۆیان تێک بدەن .. میسرەکان ئەەن دار شمعتك لا تنطفي، واتا ئاگات لە مەمکەت بە نەکوژتەوە .. دانیشن بەخەر...

دوو هۆنراوە بۆ منداڵان..
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

فۆکۆکەم

یەک فۆکەم کڕیوە
لەم پێشترنەمدیوە
زەرجوان دروستکراوە
دووتایی بەدانراوە
وێنەی ئاڵای کوردستان
لەلای ڕاستی نەخشاوە
کاتێک دەینێرمە ئاسمان
وەک مەل وباڵندەی جوان
کۆنتڕۆڵی بەدەستمەوە
لەهەرشوێنێک ،مەبەستمەوە
بەسەرزەوی دەهێنم
خۆشمدەوێ نایشکێنم
ئاخەی فۆکەجوانەکەم
شادم یاریت پێدەکەم
هەرچەندبەرزبی، نانوێ!؟؟؟
خەم دەتهێنمە سەرزەوی.

شارەکەم سلێمانی

شارەکەم ڕازاوەیە
دەم پێَی کراوەیە
خۆشە دڵگیروجوانە
مایەی خۆشبەختیمانە
شەقام وگۆڕەپانی
هەمای هاتووچۆکانی
کەشك وتەلاری هەنگین
شاد دەکات دڵی غەمگین
ئاتمبڵی تازەوکۆن
بەپێی یاسایەك دەڕۆن
زیان لەخۆیان نادەن
خەکیش هەراسان ناکەن

ئەوجەییەی کەبازاڕە
بەفرەش وکەیارە
گەرکەلوپەلمان بوو
ڕومان دەکەینە ئەو
هۆی جوانی ئەم ژینگەیە
وشیاری ئەم خەڵکەیە
شارەکەم سلێمانی
دڵخۆشم ئاوەدانی

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی